سوپای تورکیا دەیان تانک و زریپۆشی نوێی هێناوەتە قەزای ئامێدی لە سنووری پارێزگای دهۆک

ئەمە پێنجشەممە، سوپای تورکیا لەشکرکێشی نوێی هێناوەتە قەزای ئامێدی لە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای دهۆک، هێروێها دەیان تانک و زریپۆشی و ئۆتۆمبێلی سەربازی سوپای تورکیا لە ئامێدی و دەوروبەری بینران.

لەکاتێکدا ماوەی چەندین ڕۆژە فڕۆکەکانی تورکیا بەچەی بەردوومانی ناوچە جیاوازەکانی سنووری دهۆک و ڕۆژهەڵاتی هەولێر و باکووری پارێزگای سلێمانی دەکەن و جگە لەوەش لەشکرێشی گەورەی کردەتە ناوچەکە و چەندین بازگەیان لەسنووری دهۆک داناوە و داوای ناسنامە لە هاوڵاتیان ئەو ناوچانە دەکەن.

چەندین ساڵە سوپای تورکیا لە خاکی هەرێمی کوردستان بوونی هەیە و زیاتر لە چل بارەگای سەربازی بەخێی و هەزەکانی لە پارێزگای دهۆک و ڕۆژهەڵاتی هەولێر دروستکردووە بە بیانوی بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان، لەکاتێکدا هەرشە فڕۆکەوانیەکانی تورکیا بوونە هۆی کوژرانی زیاتر لە 130 هاوڵاتی سڤیلی هەرێمی کوردستان لەماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا و لەسەرتای ئەمساڵ بەگوێرەی ڕاپۆرتی CPT، دە هاوڵاتی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان بەهۆی هەرشەکانی تورکیا گیانیان لەدەستداوە کە ئەمانە تەنها ژمارەی ڕاگەیەندراوەکانە، لەبەرامبەردا چەندین هاوڵاتی تری مەدەنی لە شەنگال

کراونتۆ ئامانج.